بەشی یەکەم

شیرکی گەورە[الشرك الأكبر]

شیرکی گەورە بریتی‌یە لە: یەکسان کردنی غەیری خوا بەخوا لەوشتانەدا کە لە تایبەتمەندێتی‌یەکانی پەروەردگارێتین، یا پەرستراوێتین، یا ناوو سیفاتەکانن.

مەبەستیش بەو یەکسان کردنە هاوەڵ بۆ دانانیەتی لە تایبەتمەندێتیەکانیدا؛ جا جیاوازی نیە کە گەیاندبێتیە پلەی پەروەردگار تیایدا، یان نا !.

[**الشرك الأكبر**: هو **تسوية** غير الله بالله فيما هو من خصائص ربوبيّته، أو ألوهيته، أو أسمائه وصفاته سبحانه. والمراد بالتسوية مطلق الشركة سواءً كان الله سبحانه مماثلاً لغيره فيها أو هو زائد عليه فيها][1]

کەواتە شیرکی گەورە بریتی‌یە لە:

(أن تجعل لله ندا في ربوبيته أو ألوهيته أو أسماءه وصفاته)[2] واتە: هاوەڵ وهاوبەش و هاوشێوە (نِدّ) دانان بۆ خوا لە یەکێ لەو سێ لایەنەدا کە تایبەتن بە خۆی :

(١) لە لایەنی پەروەردگارێتی

(٢) لایەنی پەرستراوێتی.

(٣) لایەنی ناوو سیفاتەکانی.[3]

---

[1] (المدخل لدراسة العقيدة الإسلامية).

[2] معارج القبول (٤٨٣/٢) الحافظ الحكمي.

[3] **ئەو شیرکەی پێناس کرا بریتی بوو لە شیرکی چواندن بەخوا لە تایبەت مەندێتی‌یەکانی(شرك التشبيه والتمثيل والتسوية** بالله فيما يختص به). **بەڵام هەندێك لە زانایان- [وەك ابن القيّم لە** (الجواب الكافي لِمَن سأل عن الدواء الشافي)ص ١٩٩]- **جگە لەم جۆرە جۆرێکی تریشیان لەشیرك باس کردووە، پێی دەڵێن: (شرك التعطيل) واتە نەهێشتنی تایبەت مەندێتی یەکانی خواو وازلێهێنانیان، کە لە هەر سێ لایەنەکانی پێشوی تایبەت بە ﷲ ڕوو دەدات بەم شێوەیە:**

١ (تعطيل ألوهيّته):بتعطيل معاملة ﷲ عمّا يجب على العبد من حقيقة التوحيد، وذلك بترك عبادته. **واتە: نەهێشتنی مافی بەندایەتی بۆکران بۆ ﷲ ، وە وازهێنان لە عیبادەت بۆ کردنی**

٢ تعطيل الصانع عن كماله المقدس؛ بتعطيل و نفي أسمائه وصفاته وأفعاله. **واتە: نەهێشتنی سیفەتی تەواوێتی بۆ ﷲ بە نەهێشتنەوەی ناوو سیفاتە تەواوەکانی بۆی.**

٣ (تعطيل ربوبيته): بتعطيل المصنوع عن صانعه وخالقه؛ وذلك بدعوى قدم العالم، وعدم كونه مخلوقا لهُ .

واتە: نەهێشتنی تایبەت مەندێتی پەروەردگارێتی بۆ ﷲ .

واتەﷲ بە دروستکاری بونەوەر دانەنرێت ، وە وادابنرێت کە ئەم بونەوەرە هەر بووەو خوا دروستکاری نەبوە.